وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان

# بينين (تيۆری)




مامۆستای بابەت :ڕەوا صالح محمد
خيلان أبوبكر محمود


٢٠٢٣– ٢٠٢٤

# کۆرس بووکی بابەتی بینین بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣- ٢٠٢٤

- مانای بینین و پراکتیك چیە
- پەروەردەی کرداریی
- جۆرەکانی پەروەردەیی کرداریی
- بایەخی پەروەردەی کارەکی
- ئامانجی پەروەردەی کارەکی لەباخچەی منداڵان
- ئەرکەکانی مامۆستا لە باخچەی منداڵان
- سیفەت و خاسیەتەکانی پەروەردەی کارەکی
- ماف وئەرکەکانی قوتابیانی پەروەردەی کارەکی
- مەرجەکان و سیفەتەکانی مامۆستای سەرکەوتوو

# کۆرس بووکی بابەتی بینین بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣- ٢٠٢٤

- چەمکی بەرێوەبردن ناو پۆل
- ئەرکەکانی بەرێوەبردنی (کۆنترۆڵ کردنی ) پۆل

گرینگی بەرێوەبردنی (کۆنترۆڵ کردنی ) پۆل

- ماف و ئەرکەکانی قوتابی جۆرەکانی کۆنترۆل کردنی پۆل
- چۆن منداڵەکانمان لە خوو خراپەکان دووردەخەینەوە:
- درۆکردن
- منداڵی گێرەشێوێن (مخرب)
- چەمکی شەڕانگێزی

# بینین (تیۆری)

**پەروەردەی کرداریی چیە ؟**

# پێناسەی پەروەردەی کرداریی

**پەروەردەی کرداریی:** یەکێکە لەبوارەکانی ڕاهێنانی مامۆستا(قوتابی مەشقکار)و ئامادەکردنی بۆ مەیدانی جێبەجێکاری.



# قۆناغەکانی پەروەردەی کرداریی

لە سێ قۆناغ پێك دێت:

١. **قۆناغی بینین**:هەلێك دەدات بە قوتابی مامۆستا بۆ بینینی ئەو شتانەی لە دەورووبەری دا هەیە ( **بینینی هەرەمەکی وبینینی ئامانجداری پلاندار**) و بینین دەبێت سەرەتا بینینی ئەوانەی لە ناو بازنەی باخچە (قوتابخانە ) دا هەیە، لە کرداری ریز وەستانی قوتابی و کرداری پاراستنی سیستەم و سرە گرتن و کرداری ڕیکخستنی یاریکردنی قوتابی و کردارەکانی چونەژوورەوەی قوتابیان بۆ ناو باخچە (قوتابخانە ) و پۆل و چونەدەرەوەیان وکردارەکانی پاراستنی کەل و پەلەکانی باخچە (قوتابخانە ) و دەرەوەی پۆلەکان و کۆبوونەوەی دەستەی مامۆستایان و کارەکانی مەیدانی. پاشان بینینی پۆل دەست پێدەکات بۆ بینینی ڕەفتاری مامۆستای پەروەردەیی و ڕەفتاری قوتابیان و ڕێکخستنی ئەو شتانەی لە پۆلدا هەیە بەشێوەیەك کرداری فێربوون ئاسان دەکات.

# قۆناغەکانی پەروەردەی کرداریی

## ٢ . قۆناغی بەشداریکردنی بەشی ڕووبەڕوو:

- ئەم قۆناغە هەنگاوێکی گرنگە بۆ کارپێکردنی هەندێ زانیارییەکانی تیۆری و توانستەکانی مەعرفی کەوا قوتابی بە دەستی هێناوە لە قۆناغەکانی ڕابردوو.
- لەم قۆناغە سەرپەرشتیار هەڵدەستێ بە ڕاسپاردنی قوتابییەك لە کۆمەڵەکەی یان پۆلەکەی بە ووتنەوەی بابەتێك لە پۆلەکەی لە هەمان کاتدا هاوپۆلەکانی ئامادەی وانەووتنەوەکە دەبن بە مەبەستی بینین و ڕەخنەگرتن و سەرپەرشتیار هەڵدەستێ بە یارمەتی دانی قوتابی مامۆستا بۆ ئامادەکردنی کرداری وانەووتنەوە.
- ڕەخنەگرتن هەلێکە بۆ قوتابی تا ئاشنای بنەماییەکانی کرداری وانەووتنەوە بن بە شێوەیەکی واقعی، کۆبوونەوە لەگەڵ سەرپەرشتیار بۆ شیکردنەوەی تێبینیەکان کەوا لەلایەن قوتابیەوە کراوە.

# قۆناغەکانی پەروەردەی کرداریی

٣. **پیادەکردن ( ڕاهێنان )**: ئەگەر لەو دوو قۆناغەی پێشەوەدا قوتابی ڕاهێنراو سەرکەوتوو بێت، ئەوە لەم قۆناغەدا مامۆستایەکی سەرکەوتوو دەردەچێت.

- هەر قوتابییەك سەربەخۆ دەبێت لەم قۆناغە،ڕۆلی سەرپەرشتیار دڵنیایی دەبێت لە شێوازی وانەووتنەوە لە ماوەی سەردانیکردنی بۆ لای قوتابی مامۆستای.



# ڕەگەزو پێکهێنەرە سەرەکییەکانی پیشەی فێرکاری



١. کێ وانە دەڵێتەوە؟ (مامۆستا)

٢. بەکێ دەیلێتەوە؟ (قوتابی، خوێندکار، فێرخواز)

٣. چی دەڵێتەوە؟ (ناوەڕۆك، بابەت، پرۆگرام)

٤. چۆن دەیلێتەوە؟ (ڕێگاکان، شێوازەکان، ستراتیجیەکان)

٥. بۆچی دەیلێتەوە؟ (ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان)

٦. لە کوێ دەیلێتەوە؟ (قوتابخانە(باخچە )، پۆل و پێکهاتەکانی وانەبێژی)

# بایەخی پەروەردەی کارەکیی(کرداریی) :

- بایەخی پەروەردەی کارەکیی بە ئەو پێیەی بەردی بناغەی بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایانی باخچەی مندالانە کە لەم خالانە دەدرەوشێنەوە:

١.ئاشنا بوون بە سروشتی کردەی فێرکاری و دروست بوونی ئاراستەگەری دیار بەرانبەر پەروەردەی کرداریی.

٢.توانا پێدانی قوتابی / مامۆستای باخچە لەوەرگرتنی کۆمەلێك زانیاری و ئاراستەییە لەپێناو سوود لێوەرگرتنیاندا لە ئایندەی ژیانی کارەکیی قوتابی / (مامۆستا یاخود مەشقکار) دا لەپیشەی فێرکردندا بەجۆرێك دەیکات بە ڕابەری خۆی لەڕووبەڕووبوونەوەی سەختیەکانی بەردەمی دا لەهەلۆیستە فێرکارییە جیاجیاکان دا.

# بایەخی پەروەردەی کارەکیی :

٣. پەروەردەی کارەکیی هەلی کارەکیی ڕاستەوخۆ بۆ قوتابیانی(مامۆستا یاخود مەشقکار) ئامادە دەکات بۆ بەکارەکیی پیادەکردنیان دوای ئەوەی لە کۆلێژ ئامادەی دەست بەکاربوون کراوە وەکو مامۆستا هەردوو جەمسەری تیۆری و کارەکی پێکەوە پیوەست دەکات کە یەکەمین پێگەیشتنی قوتابی (مامۆستا یاخود مەشقکار)  لە مەیدانی کارکردنی دا وەکو مامۆستا و سەرقاڵ بوون بە پیشەیی وانەووتنەوە لە باخچەی مندالأندا.

٤. پەروەردەی کارەکیی هەلی ڕاستەقینەی ڕاستەوخۆ بۆ قوتابی (مامۆستا یاخود مەشقکار) ئامادە دەکات کە بۆ ڕاستی فێربوونەکەی لە لایەنی دەروونی و رەفتاری و پەروەردەیەوە بناسێت .

# بایەخی پەروەردەی کارەکیی :

٥. بەها ئاكاریەكانی پیوەست بە پیشەی فێركردنەوە (مامۆستایین) دەزانێت دەناسێت و **لە كار كردندا نرخیان بۆ دادەنێت.**

٦. ڕاهێنانی قوتابی /مامۆستای باخچەی مندالآن لەسەر **بەرپرسیاریتی هەڵگرتن و ڕێكخستنی پۆل و بەژداری كردن لە چالاكیە پەروەردەیی و كۆمەڵایتیەكاندا** بەبێ ئەوەی ڕۆلی خۆی تەنیا لە فێركردندا چەق بەست بكات.

# بایەخی پەروەردەی کارەکیی :

٧. شکاندنی ئەو دیوارە دەروونییەی لە نێوان قوتابی مەشقکار و پیشەکەی و ئەو کۆمەڵەیە نوێیە (پۆل و قوتابی )ی تازەکاریان ،بە وەی کە ڕووبەڕووی یەکدەبنەوە و ترس تۆی کارکردن و فێرکردن نامێنێت و سامی گرانی دەڕەویتەوە بە وانە پێگوتنەوەیان و زانیاریی نوێ پێدانیان لەمیانەی وانەکانەوە لە پۆل و شوێنەکانی تری باخچەدا .

# ئامانجی پەروەردەیی کارەکی لەباخچەی مندالان

١. قوتابی (مامۆستا یاخود مەشقکار) چەمکە بنەڕەتییە پەیوەستەکان بە پەروەردەیی کارەکیە و بەباشی درك پێ بکات بیانزانێت.

٢. مامۆستا ئاییندە (قوتابی مەشقکار) بنەماو پێوەر پەروەردەییە نوێیەکانی پەوەردەی کارەکیی بناسێت (بزانێت و لێیان ئاگاداربێت)

٣. قوتابی (مامۆستا یاخود مەشقکار) لەسەر کەش و هەوای باخچەی مندالأن ڕابهێنرێت ، کە لە ئاییندەدا پیشەی فێرکردن بەهەموو دووریی و لایەکانییەوە لەگەڵ کارلێککردنیاندا لە ژینگەی خوجێی یان ناو کۆمەڵ بەگشتی دەبێتە گۆرەپانی کارکردنی وەکو مامۆستای باخچەی، هەروەها خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بارودۆخی لەناکاودا کە کار لە کارایی و سەرکەوتنی قوتابی (مامۆستا یاخود مەشقکار) دەکەن لەسەرقاڵبوونیدا بە ئەرکە فێرکاریی و کارگێرییەکانی سەرشانی لەناو باخچەی مندالأندا وەکو سەکۆیەکی کارکردن.

# ئامانجی پەروەردەیی کارەکی لەباخچەی مندالان

٤. گەشەپێدانی ئاراستەی ئەرێنیەکان بەرەو لای پیشەی فێرکردن و ڕاستکردنەوەی ئاراستەی نەرێنیەکان.

٥. گەشەپێدانی لێهاتوویە پیشەیی و کەسییەکانی قوتابیان وەکو مامۆستایەکی بەتوانا لێهاتووبن.

٦. دروستکردنی هەستی پیشەیی (مامۆستا بوون) وەکو مامۆستایانی باخچە بەپێی توانا و خۆلادان لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی نوێ دەبینەوە کەبەباشی و پەروەردەییانە ئامادە نەکراون.

٧. پیادەکردن و وەرگێرانی بنەما تیۆرییە خوێندراو وەرگیراوەکان کە قوتابیانی / مامۆستا لە کۆلێژ و بەشەکانیان وەریانگرتوون بۆ هەڵویستی فێرکاری کە توانای ئەوەیان پێدەبەخشێت گەشە بە لێهاتوویە بنەڕەتیەکانیان بدەن و وەکو مامۆستا کاریان پێبکەن.

# ئامانجی پەروەردەیی کارەکی لەباخچەی مندالان

٨. بەدەستهێنانی کارامەییەکانی رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی خودی و بنیاتنەر لە سێبەری بارودۆخێکی سروشتیدا و گەشەپێدانی کارامەییەکانن و ئامادەگییەکانی قوتابیانی مامۆستا.

٩. گەشەپێدانی توانستی قوتابیانی (مامۆستا یاخود مەشقکار) لە مامەڵەکردن لەگەڵ یاساو رێساو رێکارەکانی رێکخستنی لەباخچەداو هەلگرتنی بەرپرسیارێتی لەگەڵ ئەداکردنی ڕۆڵی مامۆستا و باخچە لە بوارە جیاجیاکانی ناو باخچەی مندالاّندا.

# ئامانجی پەروەردەیی کارەکیی لەباخچەی مندالان

١٠- ئامادەکردنی قوتابیانی (مامۆستا یاخود مەشقکار) لەرووی دەروونیی و پەروەردەییەوە بۆ بەجێگەیاندنی پیشەییەکان دوای تەواوکردنی خوێندنی کۆلێژ.

١١- پێدانی شارەزاییە بنەڕەتی و پەرەسەندووەکان لەبەرێوەبردنی پۆل و چالاکییەکانی تردا کە سروشتی کاری مامۆستایانی باخچەی مندالآن دەیانخوازێت.



## مافی قوتابیانی پەروەردەی کارەکیی :

- **قوتابی پەروەردەی کارەکیی ئەم مافانەی هەیە :**

١.هەڵبژاردنی باخچەیەکی منداڵان کە لە باربێت بۆ مەشقکردنی قوتابیی مەشقکار لە پەروەردەی کارەکییدا بە پێی ئەو توانایانەی بەردەستن ، مەشقکار بۆی نییە لە خۆیەوە بە بێ ڕەزامەندی زانستیەکەی لە کۆلێژەکەی خۆی ، نەسەرپەرشت و نە باخچەدیاریکراوەکەی بگۆڕێت .

٢.بەردەوامیدان بە پەیوەندیکردن بە سەرپەرشتەکەیەوە لە کۆلێژ و مامۆستای هاریکاری باخچەکەی هەر کاتێك پێویست و لە باربێت بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو کارانەی پیوەستن بە فێرکردن و پەروەردەی کارەکییەوە لە باخچەکەدا .

# مافی قوتابیانی پەروەردەی کارەکیی :

٣. گۆڕین و دەستکاریکردنی خشتەی وانەووتنەوەی باخچەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانج لە پەروەردەی کارەکیی .

٤.زانین و ئاشنابوون بەو کارامەییانەی کە تیایاندا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و لەگەڵ سەرپەرشتەکەی کۆلێژیدا و هەریەك لە بەڕێوەبەر و مامۆستای هاریکاری باخچەکەیدا گفتوگۆی تیادا دەکەن .

٥.بەردەوامبوونی پەیوەندی بە بەشی زانستی (مەشقکارەوە ) بۆ یەك لاییکردنەوەی کێشەکانی ناو کرداری مەشقەکە، یان لە کاتی دروستبوونی گرفت و کۆسپ لە کارکردن و وانەووتنەوەدا یاخود بوونی هەر تێبینیەك لە سەر شێوازی سەرپەرشتیکردن لای باخچەکە .

# ئەرکەکانی مامۆستای مەشقکاری پەروەردەی کارەکیی بەرانبەر بە باخچەی منداڵان و بەڕێوەبەرەکەی :-

١. پەرۆشی بۆ ڕێزگرتنی بەڕێوەبەری باخچەی مەشق تیاداکراو .

٢. ئاگاداربوون ،زانین و ئاشنابوون بەسیستەمی باخچە و ڕێنماییەکانی لەگەڵ پابەندبوون پێیانەوە.

٣. پابەندبوون بە ئامادەبوون بە دەوامی بەیانیان و دەرچوون لە کۆتایی دەوامی دیاریکراوی فەرمیدا، هەروەها چوونە ناو پۆل و هاتنە دەرەوە بە پیچی کاتی هەروانەیەك.

٤. پراستنی کەرەستە و وەسیلەکانی فێرکردن و ڕوونکردنەوە و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنی تایبەتی خۆیان دوایی بەکارهێنانیان.

# ئەركەكانی مامۆستای مەشقكاری پەروەردەی كارەكیی بەرانبەر بە باخچەی منداڵان و بەڕێوەبەرەكەی :-

٥. بەشداربوون لە هەندێك چالاكیی باخچەكەدا وەكو ئاهەنگەكان، گەشت و سەیران و بۆنەكانی تر.

٦. ئاگاداركردنەوەی بەڕێوەبەری باخچەی مەشق تیاداكراو لە ئامادەبوون و پۆزش هێنانەوە لە كاتی پێویستیدا (پابەندبوون وەكو مەشقكارێك).

٧. ڕێزگرتن لە یاسا و ڕێسای باخچەی منداڵان و نەبوونی میوان و منداڵ بۆ باخچە و ناوپۆل.

٨. پێشكەشكردنی سوپاس و پێزانین لە كۆتایی ماوەی مەشقكردندا بۆ بەڕێوەبەر و خێزانی وانەگووتنەوەی باخچە ، هەروەها كار گوزاران .

# ئەرکەکانی مامۆستای مەشقکاری پەروەردەی کارەکیی بەرانبەر بە باخچەی منداڵان و بەڕێوەبەرەکەی :-

٩. سنگ فراوانی لە کاتی ئاراستەکردنی رەخنەی زانستی و بە جێی ئەرێنیدا و ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکورتیەکانی (رەخنەی نەرینی و زامدار کەر و توندیش بە شێوەیەکی زانستیانە وەڵام بدرێتەوە نەبێتە هۆی دڵ ئازاریی و لەرێرەوە پەروەردە دەرچوون).

١٠. بەهەند وەرگرتن و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەر ، سەرپەرشت و مامۆستای هاریکارو بەکارنهێنانی مۆبایل لە پۆلدا و بێدەنگکردنی تا کۆتایی وانە.

# سیفاتەکانی (خەسڵەتەکانی ) قوتابی پەروەردەی کارەکیی (مەشقکار ):

- **یەکەم/خەسڵەتە کەسیەکان:**
- لەسەر قوتابی پەروەردەی کارەکیی پێویستە کە :

١. لە دڵسۆزی ،ڕەفتار ، بیرکردنەوە ، دەستپاکی ، ئەداکردنیدا پێشڕەو بێت لە هەموو لایلانێکەوە.

٢. پیشەکەی خۆشبوێت ، دەستە خوشکەکانی خۆشبوێت ، بایەخ بە پاك و خاوێنی و ڕواڵەتی بدات.

٣. تەندروست بێت ، گورج و گۆڵ و چالاك بێت (تواناى بەرگەگرتنی گرانی کارەکەی هەبێت) .

٤. ئاخاوتنی باش بێت ، دەنگی ڕوون و ئاشکرا بێت ، قسەکردنی بە زنجیرە بێت (پچڕپچڕ) نەبێت و ڕێك و پێك بێت.

٥. لە سەرەخۆ و دامەزراو بێت (هەڵچوو نەبێت) بە ئاسانی تورە نەبێت (هەروەها شەرمن و تورەیشی نەبێت).

# سیفاتەکانی (خەسڵەتەکانی ) قوتابی پەروەردەی کارەکیی (مەشقکار ):

- دووەم / خەسڵەتە پیشەییەکان:
- لەسەر قوتابی پەروەردەی کارەکیی پێویستە کە :

١. لە مادده زانستییەکەدا بە توانا بێت ، هەروەها پێویستە ئاگادارییەکی فراوانی زانستی و ڕۆشنبیری هەبێت ، لەگەڵ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی بەرنامەی خوێندندا بەر لە پێشکەشکردنی.

٢. شارەزایی ڕێگاکانی وانەووتنەوەی (فێکردنی گشتی و تایبەت) بێت، ڕێگا گشتیەکانی بۆ هەموو زانست و ماددەیەکدا پەیڕەو دەکرێت ، بەلاّم ڕێگای تایبەت بە تەنیا ماددەیەکە، وەکو فێرکردنی خوێندنەوەو نووسین ، بیرکاری ، زانست، تاوەکو ە سۆزو خرۆشەوە ئەو زانیاری و مەعریفە و کارامەییانە بگەیەنێتە فێرخواز.

## سیفاتەکانی (خەسڵەتەکانی ) قوتابی پەروەردەی کارەکیی (مەشقکار ):

٣. تەمەنی منداڵانی قۆناغەکە بزانێت و بە چ شێوازێکی پەروەردەیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات .

٤. ئەو وەسیلانەی ڕوونکردنەوەو فێرکردنە بەکاربیێنن کە کارابن و زوو فێرخواز بگەیەنێتە مەبەست لێیان و ئەنجامەکەی بە جۆرێك هەڵوێستە فێرکاریەکە دەوڵەمەند بکات و زانیاریەکانیشی بگەیەنێت .

# مەرجەکان و سیفەتەکانی مامۆستای سەرکەوتوو :-

١. ئارەزوومەندانە ببێتە مامۆستا وەباری تەندروستی لەبار بێت .

٢. دانانی پلان بۆ بابەتەکە واتەخاوەن پلان و نەخشەیەکی داڕێژراوی ساڵانەو ڕۆژانە بێت ، وە پەیوەست بێت بەکاتی دەوامەوە .

٣. پێویستە هێمنی و ئاسایشی ناو پۆڵ کۆنترۆڵ بکات وەگرنگی بە هەردوو لایەنی پەروەردەیی وزانستی بدات و بیکاتە ئامانج وە هەمیشە بەرەو ئامانجە گشتی یەکان وتایبەتەکانی بابەتەکان کار بکات .

٤. کەسایەتی یەکی بەهێزی هەبێت کەسێکی کۆمەڵایەتی بێت ، ئارام و خۆراگر بێت وەخاوەن بڕیار بێت ، دبلۆماسی بێت لە مامەڵەدا وە بزانێ کەی نەرمی ئەنوێنی و کەی ڕەقی ئەنوێنی لەگەڵ فێرخوازەکاندا.

٥. بە پێی توانا هۆکارەکانی فێرکردن بەکاربهێنێت وە ریگای وانەووتنەوەی گونجاو دیاری بکات بۆ وتنەوەی وانەو بابەتەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا.

# وانەبێژی چالاك



مامۆستای لێهاتوو

فێرخوازی ئامادە

بابەتی خوێندراو

ژینگەی فێرکاری گونجاو

# چەمکی بەڕێوەبردنی ناوپۆل یان بەڕێوەبردنی(کۆنترۆلکردنی) ناوپۆل

لە راستیدا چەمکی بەڕێوەبردنی ناو پۆل بەرفراوانترەو بریتی‌یە لە کۆمەڵێك چالاکی کە مامۆستا بە ئەنجامیان دەگەیەنێت بەمەبەستی دابین کردنی کەش و هەوایەکی گونجاوو دروست لە ناو پۆل،کە تیایدا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان مامۆستاو قوتابیەکان لەلایەك و پەیوەندی نێوان قوتابیەکان خۆیان لە لایەکی تر پۆزەتیڤ و ئەرێنی بێت و هیچ کەس سنووری ماف و ئەرکەکانی خۆی نەبەزێنی، لەهەمان کاتیشدا پێویستە زۆربەی فاکتەرو پێداویستیەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەستەبەر بکرێن ،بە جۆرێك لەبەرژەوەندی فێربوونی قوتابی بێت.

# گرینگی بەڕێوەبردنی (کۆنترۆڵ کردنی ) پۆل:

١. دابین کردنی کەشێکی پەروەردەیی و ئەکتیڤ و کاریگەر بۆ فێرکردن.

٢. دەستەبەرکردنی فاکتەرو هۆکاری ئاسایش و دڵنیایی بۆ قوتابییەکان.

٣. رەخساندنی بواری کارلێکردنی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) لە نێوان مامۆستاو قوتابییەکان لە لایەك و لە نێوان قوتابیان خۆیان لە لایەکی تر.

٤. بە پێی پلانی بەرنامە بۆ داڕێژراو تەکنەلۆژیای گونجاو و هۆیەکانی فێرکردن بە کاردەهێنرێت.

٥. رێکخستنی کات و باش بەکارهێنانی بۆ ئەوەی سەرجەم چالاکیەکانی ماو پۆل بە ئاکام بگەیەنرێت و هیچ کاتێکی قوتابی بەفیرۆ نەڕوات.



# جۆرەکانی کۆنترۆل کردنی پۆل:

بەرێوەبردن چەند جۆرێکی هەیە ،هەر لەبەر ئەوەشە کە هەموو مامۆستایەك بەیەك جۆر مامەڵە لەگەڵ هەموو خوێندکارەکان ناکەن،چونکە جۆری بەرێوەبردن پەیوەستە بە فەلسەفەو جۆری بیرکردنەوەو کەسێتی مامۆستا ،واتە ئەو مامۆستایەی بڕوای بەوە هەبێت کە سروشتی مرۆڤ شەڕ خوازە ئەوا بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکان دەکات کە زۆر جیاواز دەبێت لە ئەو مامۆستایەی کە لە و بڕوایەدایە کە سروشتی مرۆڤ خێرخوازە یان بێلایەنە.بە شێوەیەکی گشتی چوار جۆری سەرەکی لە بەرێوەبردن هەیە کەئەمانەی لای خوارەوەن:



## ١– كۆنترۆل كردنی پۆلی دیکتاتۆری :

- لەم شێوازەدا مامۆستا  بڕیارو بۆچوونەکانی خۆی بالاّ دەستی لە پۆلدا دەسەپێنێت، بێ ئەوەی ڕای قوتابیان لە بەر چاو بگرێت و ڕێز لە بۆ چوونەکانیان بگرێت ،بەڵکو خۆی بە سەرچاوەی زانیاری دەزانێت و ڕێگە بە قوتابیان نادات گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن .







## ٢- كۆنترۆڵ كردنی پۆلی دیموكراتی :

لەم جۆرە بەڕێوەبردنە مامۆستا ڕێزی خوێندكارەكان دەگرێت بە پلەی یەكەم پەنا بۆ لێك دەگرێت و بەزۆر شت بەسەریاندا ناسەپێنێت.تێگەیشتن دەبات و وەك پێویست گوێ لە ڕاو بۆچوونەكانیان





## ٣- کۆنترۆل کردنی پۆلی پڕئاژاوە (گێرەشێوینی ):

- ئەو مامۆستایەی بڕوای بەم جۆرە بەڕێوەبردنە هەبێت ئەوا سەربەستی و ئازادی و رەهای بێسنور بە خوێندکارەکان دەدات و بە هیچ شێوەیەك لێیان ناپرسێتەوە و سنور بۆ رەفتارو هەڵەکانیان دانانێت.







## ٤- كۆنترۆل کردنی پۆلی کەمتەرخەم :

ئەم جۆرە بەرێوەبردنە دەکەوێتە نێوان جۆری دیکتاتۆری و جۆری گێرەشێوێنی، واتە مامۆستا دەچێتە ناو پۆل بەبێ هیچ پێشەکی و زەمینە خۆشکردنێك بۆ فێربوونی خوێندکارەکان و یەکسەر دەست دەکات بەڕاڤە کردنی وانەکەی بەبێ ئەوەی گوێ بە جیاوازی تاکی و حەزوو ئارەزوو پێداویستی و کێشەکانی خوێندکارەکان بدات، لەئەم جۆرە بەرێوەبردنەدا مامۆستا هەوڵی کۆنتڕۆڵکردنی پۆل دەدات



## ٤- كۆنترۆڵ کردنی پۆلی کەمتەرخەم :

- بەڵام بەبێ ئەوەی گوێ بە کێشەو پێداویستی و ئەو گرفتانە بدات کە دێنە بەردەم فێربوونی خوێندکارەکانی. هەروەها ماموٚستا لەم جۆرە بەرێوەبردنەدا رێزی بیرو راوبۆچوونی خوێندکارەکان ناگرێت و لەکاتی بڕیاردانىدا راوێژیان پێ ناکات، لەهەمان کاتیشدا هیچ گرینگیەك بە هۆیەکانی دەرنەچوون یان وازهێنانی خوێندکارەکان لە خوێندن نادات.



# منداڵی گێرەشێوێن (مخرب)

- خراپکردنی کەلوپەلەکان بەئامانجی تۆلەکردنەوە خۆشیبەخشە بۆ منداڵ و هەروەك ئەوە وایە کە منداڵ بۆ زانین و ناسینی شتەکان دەیکات ئەمە سروشتیە ، پاڵنەری خوشەویستی یان پشکنین یان وەك یاریکردن یان بۆ ئەوەی هەندێك لێهاتویی فێربێت ژیان بناسێت .
- خراپکردنی کەلو پەلەکان وەك پێویستی فێربوون لای منداڵ کاتێ گەورە دەبێت نامێنێت بەلاَم ئەو خراپەکاریە هەر دەمێنێت لە گەورەبونیدا وەك نیشانەیەکی نەخۆشی دەروونی بەردەوام دەبێت ئەگەر بنەماکەی پێویستی فێربوون و پشکنین نەبێت چونکە لەم بارەدا پاڵنەری کارەکان نەستی دەبن بۆیە دەبیی بەدوای چارەسەردا بگەڕین تا ئەگەر هۆکارەکەی حەستەیی بوو ئەوا چارەی گونجاوی بۆ بکرێت وەك ئەوەی ووزەی زۆر بوو پێویستە ئەو ووزەیە بەرەو کاری باش و دروستتکار ئاراستەبکرێت ئەگەر هۆکارەکی دەروونی بوو پێویستە کەسی پسپۆڕ چارەی بکات.

# درۆ کردن

- بریتییە لەوە کەکەسی یەکەم بەشێوەیەکی پلاندار هەڵدەستێت بە هەڵخەڵەتاندن و دەسخەرۆ کردنی کەسی دووەم، کەتیایدا کەسێ دووەم بێ ئاگایە لە نیاز و مەرامی کەسی یەکەم . ئەم چەواشەکردنە لە چەواشەکردنە لە رێگای جۆراوجۆرەوە ئەنجام دەدرێت، واتە شاردنەوەی راستییەکان یاخود فرت و فێڵ تیاکردن، حەشاردانی راستییەکان لە رێگای پێدانی زانیاریی نادروست . کە ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی زەرەرو و زیان گەیاندن بە کەسی دووەم

# جۆرەکانی درۆ کردن

- درۆی خەیاڵی
- درۆی بەرگری یان پاریزگاری
- درۆ تێکەڵکردن
- درۆی تۆلەکردنەوە
- درۆی لاسایکردنەوە
- درۆی نەخۆشانە
- درۆی خۆهەڵکێشان

# جۆرەکانی درۆ کردن

- درۆی فێڵ
- درۆی دەست کەوت
- درۆی پڕوپاگەندەیی
- درۆکردن بەهۆی چاولێکەری
- درۆکردنی بۆ شانازی و زیادەڕەوی کردن

# بەهیوای سەرکەوتن